

# دەنگی برایم قادری

# لە نێو شەپۆلەکانی ڕۆحماندا تاهەتا زیندووە

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی


# پێڕست:

١- ئیبراهیمی قادری............................................................................. جەمالی دەلاک ..... ٣
٢- بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند «برایم قادری»یەوە.................................. خەلیلی غەزەڵی ..... ١١
٣- بۆ ئەو یادەی هەر شادی بوو.................................................... بێبەش پیرۆتی ..... ١٣
٤- برایمی قادری، قوتابخانەی فۆرمێکی گۆرانی کوردی.................................. سەرکەوت بورهان ..... ١٥
٥- هێندەی دنیایەک خەمی تۆمە..................................................... سەلاحەددین ئاشتی ..... ١٨
٦- هوونەرمەند ئیبراهیم قادری کوچی دوایی کرد............................................ عەلی سوورەچۆنی ..... ٢١
٧- مامۆستا برایم قادری بە جەستە بەجێی هێشتین............................................. ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٢٣
٨- بۆ کۆچی دوایی گەورە هونەرمەندێکی خەڵکی و خاکی..................................... برایم جەهانگیری ..... ٢٥
٩- هونەرمەندی و وەفای گەل.......................................................... اسماعیل مصطفی زادە ..... ٢٧
١٠- کۆچی دوایی هونەرمەندی خەڵکی کاک برایمی قادری لە مەهاباد......................... کوردستان میدیا ..... ٢٩
١١- ئەو بەدڵ کورد و کوردستانی خۆش دەویست............................................ ئاشق ئیسماعیلی ..... ٣١
١٢- هونەرمەند کاک برایمی قادری ماڵاوایی لە ژیان کرد..................................... سەلاح شەشە ..... ٣٣
١٣- هونەرمەندی نەمر کاک برایم قادری لە کۆڕی تێکۆشەرانی دیموکراتدا............................. قادر وریا ..... ٣٥
١٤- کۆچی دوایی هونەرمەندی خەڵکیی کاک برایمی قادری......................................... کەماڵ گرویسی ..... ٣٧
١٥- بێگومان یادی هونەرمەند کاک برایمی قادری و بەرهەمە هونەرییەکانی بۆ هەمیشە لە نێو گەلەکەیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە................................................................. تاهیر قاسمی ..... ٣٩
١٦- ڕوحت شاد و ماڵئاوا خاڵە برایمی خۆشەویست.............................................. مەولوود سوارە ..... ٤١
١٧- کاک برایم جیا لە دەنگ خۆشی وگۆرانیەکانی کە ناو وناوبانگی تایبەتی هەبوو........... حەسەن خوشکەلام ..... ٤٢
١٨- کۆچی برایمی قادری و هەوارێکی دەوڵەمەند.............................................. عەباس غەزالی ..... ٤٤
١٩- دەنگی برایم قادری بۆ هاوتەمەنەکانی من.................................................. هاشم رەزایی ..... ٤٦
٢٠- مامۆستا ئیبراهیم قادری کۆچی دوایی کرد............................................. ماڵپەڕی فەرمیی ماملێ ..... ٤٧
٢١- ئاتەش (بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند کاک برایمی قادری)................................. تاهیر قاسمی ..... ٤٨



سەرچاوە
Serchawe

# ئیبراهیمی قادری



**جەمالی دەلاک**

**ناو: ئیبراهیم**

**نازناو: ئیبراهیمی قادری**

**ناوی باوک: کەریم**

**ناوی دایک: سەیزادە**

**ساڵی لەدایکبوون: ١٩٣٤**

**شوێنی لەدایکبوون: مەهاباد**

## ژیاننامە

**هونەرمەندی دەنگخۆشی موکریان و شارە ئازیزەکەی مەهاباد، (ئیبراهیم کەریم عەبدولڕەحمان عەبدولقادر) ە، نازناوی هونەری (ئیبراهیمی قادری) یە و دایکی ناوی (سەیزادە ئەمین سەیدقادر) ە، لەگوندێکی هەڵکەوتەی نێوان دوو شاری**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان (مەهاباد و بۆکان) کەمێژوویەکی زۆر جوانیان هەیە لە بواری نەتەوەیی و هونەریی و زادەی گەورە هونەرمەندانی نەتەوەکەمانە، هونەرمەند ئیبراهیمی قادری لە گوندی (عیسا کەند) لە ساڵی (١٩٣٤)ی زایینی لەخانەوادەیەکی جوتیاری خانەدان و هونەردۆست بەدنیا هاتووە و چاوی بەسرووشتی جوانی گوندەکەیان هەڵهێناوە.

لەبەرەی دوو دایکان هونەرمەند خاوەنی (٦) برا و (٢) خوشکە، لە تەمەنی هەرزەکاریدا هونەرمەند لەسۆز و خۆشەویستی دایک و باوکی بێبەش دەبێت و دایکی پێشتر کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی (١٩٥١) باوکیشی دەچێتە بەردلۆڤانی پەروەردگار و ئیبراهیمی گەنج و شۆخ و شەنگ ڕووبەڕووی تاڵ و سوێرییەکان و شەونخوونی ژیان دەبێتەوە.

لەبەر ئەوەی لەگوندەکەیان قوتابخانە نەبووە، هونەرمەند لەوبەهرەیە بێ بەش دەبێت، بەڵام ماوەی دوو ساڵ خراوەتە (حوجرە) لەلای مەلا خوێندوویەتی، بەڵام بەداخەوە هیچ فێرنەبووە.

هونەرمەند بەحەسرەتەوە باس لەو بەهرەیە دەکات کەلێی بێ بەش بووە ( نەمتوانی وانە بخوێنم و لە و نیعمەتە گەورەیە بێبەش بووم، بەڵام لەزەمانی پێشمەرگایەتیدا لەحیزبی دیموکرات فێری خوێندن و نووسین بووم، لە ژیانی هونەریمدا هەرچەندە نەخوێندەوار بووم، بەڵام هەموو کات حەزم بەقەڵەم و کاغەز دەکرد، پێم خۆشبوو کەلەگەڵ پیاوی گەورەی خوێندەوار و ئاشنا بەئەدەب تێکەڵاو بم و زۆر لە مەجلیسیاندا دانیشتووم و چێژم لێوەرگرتوون).

هونەرمەند ئیبراهیمی قادری باس لە و ڕۆژگارە دەکات کە دەناسرێت و چۆن تێکەڵاو بە خەڵکی و ئەو دنیا جوان و شیرینەی گۆرانی وتن بووە (دەستم بەگۆرانی وتن کرد و لە ماوەیەکی کورتدا ناوبانگم دەرکرد و لەشار و دێهاتان لێیان دەگێڕامەوە و زۆرجاران نەیان دەهێشت بێمەوە ماڵێ و لەو داوەتە دەیانبردمە داوەتێکی دیکە، و سەدان بووکم لە گەورە ماڵان سوارکردووە و دامبەزاندووە، جودا لەگۆرانی بەزم و هەڵپەڕکێ، گۆرانی دیکەشم گوتووە و هەروەها گۆرانی زۆر گۆرانیبێژانی مەزنیشم گوتۆتەوە)..

ڕاستە زۆربەی گۆرانییەکانی هونەرمەند، تێکستەکانی فۆلکلۆرن و هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵی کوردەوارین، بەڵام هەندێک گۆرانی کە هی خودی هونەرمەندن، هەریەکەیان پاشخانێکی خۆش و ناخۆشی هەیە و تەنانە لەسەر گۆرانیی خوێندن دووچاری کێشەش بووە، وەک گۆرانی (وەرە وەرە گێلگێلەداری) لە ساڵی (١٩٥٧) لە گوندی (لەگز)ی بۆکان دەریانکردووە.
گۆرانیشی هەیە کە هەڵقوڵاوی بیر و هەستی خۆیەتی لەژێر کاریگەریی سرووشتی جوانی وڵات لە وەرزی بەهاردا و قاسپەی کە و و جریوەی چۆلەکە و ئاوی سازگاری کانیاو خوڕەی جۆگەلە و چرۆی گوڵە بەیبوون و مێلاقە و،، تاد، ئەوانە دەبنە هەوێنی گۆرانییەک دوای پشوودانێک لەدەرەئەنجامی ماندووبوونێکی زۆر، لە ساڵی (١٩٦٣) هونەرمەند دێتە باشووری

کوردستان و تا پشتی ( هێرۆ) دێت ، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ( سەردەشت ) و بەلای ( کێلێ ) دا و بینینی ئەو سرووشتە دڵڕفێنە کە چاو پێی تێرنەبووە و بەهەشتێکە کە خودا بەخشیوەتی بەبەندەی خۆی، هونەرمەند لەسەرچاوەی سەردەشت پشوویەک دەدات و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو سرووشتە، ئەو نیعمەتە جوانە،

دوای پشوودان ئەو ئاوازە لەوێدا دەخوڵقێنێ و تێدەچریکێنێ...

(سێوە لاسوورەی زێوێ مەنزەرەی بەردەپانی
گوڵی دەوری سەرچاوێ کەوی پشتی بێورانێ
بەژنت خەڵفی ساوایە، مەمکت هەرمێی ئالانێ
ماندوو مردووی ڕێگایەم ناکێشم پەشیمانی... )

ئەو گۆرانییە هونەرمەند لە ساڵی (١٩٧١) لەڕادیۆی مەهاباد بڵاوی کردووەتەوە.

بەداخەوە لە و سەردەمەی کە هونەرمەند ئیبراهیمی قادری و هاوڕێی هونەرمەندەکانی لە بواری زیندووکردنەوە پاراستنی زمان و فۆلکلۆری کوردی وەک هونەرمەندێکی خۆڕسک ئەسپی خۆیان تاوداوە،

وەک:

- عەلی خەندان.
- سەید محەمەدی سەفایی.
- مەلاحسێنی عەبدوڵڵازادە.
- ڕەسوڵی نادری.
- سەیدعەلی سەردەشتی.
- ئیبراهیمی فەتاحی.
- برایانی زێ زێ، عەبە دەڕژێ و ...تاد.

بەشێوەیەکی کەم بایەخ و بەناو و ناتۆرەی (شایەر و لۆتی و چاوەش) ناوبراون و زۆر جاران لێیان نزیک نەبوونەتەوە و بەچاوی ڕێزە و لەکەسایەتی و هونەرەکانیان نەڕوانیوە،

نووسەر و توێژەری بواری فۆلکلۆر (سەلاح نیساری) نووسیویەتی:



سەرچاوە
Serchawe

(گۆرانیبێژانی شایی گێڕی کوردەواری، نەک هەر بەچاوی ڕێزەوە سەیریان نەکراوە، بەڵکە نێو نیتکەیان پێداداون! ناتۆرەیان وەدوو خستوون، تەنانەت خەڵکی دەمار گرژ و کاڵفام و گوێ لەمست و زۆربەی خۆبەزلزان و ساماندار و گیرفان گەرمان، شەرمییان کردووە بێژن جیران و هاوساماڵی ئەو دەنگبێژ و خۆشوێژانەین! لەکۆڕی پرسە و سەرەخۆشیدا خۆیان لێدوور گرتوون، لە زۆر کۆڕو کۆبوونەوەدا لەنزیکیان دانەنیشتوون! کەچی هەر ئەو جەنابانە لەشایی و خۆشییەکاندا، بەتایبەت لەوەختی زەماوەندی (کوڕ) ی خۆیاندا ئاتاج و منەت باری بەقەولی خۆیان ئەو (لۆتی) یانە بوون، بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کەمتر کەسانێک هەستیان بەوە کردووە ئەو شایەرانە چ خزمەتێکیان بە تۆرە و زمان و گۆرانی ڕەسەنی کوردەواری کردووە، سنگ بە سنگ ئەم خەزێنەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و لە مردن پاراستوویانە، ئەم سەروەت و سامانەیان قەڵا قەڵا هەڵچنیوە و بەئامێزی نسارەوە لە خۆر گەزین پاراستوویانە، هەمیشە بەجلوبەرگی ڕەسەنی کوردییەوە هاتوونە نێو خەڵک، بە حەق ئەو خزمەتەی شایەران گوند بەگوند و شاربەشار بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک بە خەڵکی خۆیان کردووە شایانی سپاس و ڕێزلێنانە).

هەر ئەو هونەرمەندە خۆنەویست و دەنگبێژ و بەیت بێژ و شایی گێڕانە کە بەداخەوە بەلۆتی و شایەر ناودەبران، هیچیان دەرچووی هیچ قوتابخانەیەکی هونەری نەبوون، تەنیا دەرچووی ئەو قوتابخانە دەوڵەمەندە لێوڕێژەی کەلتوور و فۆلکلۆری کوردی بوون، بەو ئامێرە ڕەسەن و سادانەوە (دەهۆڵ و زوڕنا، باڵەبان، دووزەلە و زەربێکەوە) حەوت شەو و حەوت ڕۆژان، بەبێ ماندوو بوون زەماوەند و داوەت و شاییان گێڕاوە و شادی و خەندە و جوڵە و بزەیان خسووەتە سیما و دڵی گوێگر و بیسەرانی ئەو ئاهەنگەوە، لەگەڵ ئەوەی بەڕێز و حورمەتەوە لە توانا و دەنگی خۆشیان و ژەنینی ئامێرەکانیان بڕوانیبایە، جێی داخە کە بەشێوەیەکی ناتەندرووست پوڵ و پارەیان هەڵداوە و کەوتووەتە سەرزەوی، ڕاستە ئەوانیش مرۆڤن و پێویستیان بەژیانە، ئەو دیاردە ناشیرینە یەکێک بووە لە و دیاردانەی کە هونەرمەند ئیبراهیمی قادری پێی سەغڵەت بووە و کاری لەسەر کردووە کە ئەو ڕەفتارە نەهێڵێت (لەزەماوەند و داوەتدا لەلایەن خەڵکی یەوە پارەیان هەڵدەدا و شاباشیان دەکرد و ئەو پوڵە دەکەوتە سەرزەوی، لەنێو ئەو خۆڵ و تەپۆتۆزەدا دەبوو هەڵیبگریتەوە و لەسەر سەرتی دابنێی و بەسلامەتی فلانە ئاغای دا بڵێیت، دەتوانم بڵێم من یەکەم کەس بووم بەرپەرچی ئەوەم دایەوە و وتم ئەوە کارێکی نەشیاوە و نابێ ئەو کارە بکرێت تا لەداوەت و زەماوەند دا قەدەغەم کرد)..

دەنگ و هونەر و گۆرانییەکانی هونەرمەندی میللی ئیبراهیمی قادری، هەر بە تەنیا لەشار و شارۆچکە و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاو نەبووەوە، لەبەر ئەوەی خاوەن دەنگێکی خۆش و هونەرێکی شادی بەخشی هەبووە و هونەرەکەی بێ خەوش بوو، لە باشووری کوردستان یشدا بڵاو بۆوە و هەوادرێکی زۆری لەدەوری هونەرەکەی خۆی کۆکردەوە، دیارترین لەگۆرانییەکانی کە لە باشووردا دەبیستراو جێی پەسەند و ڕەزامەندی گوێگران بوو،

**گۆرانی؛**

- هەنار هەنار هەنارە،
- ئەی گوڵم ڕوو لە کوێ کەم،
- لێوت خوێنی گەشمە،
- شەهێن و شەهلا،
- هەی دکتۆر،
- شەمامە و خاڵخاڵ و
- ئەو کراسە گوڵ هەنارە و دەیانی دیکە).

هونەرمەند هەرچەندە ئاستی خوێندەواری بەوشێوەیە نییە، بەڵام دەتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە، بەڵام لەخەرمانی گۆرانییەکانیدا کە زۆر لەهۆنراوەکانی فۆلکلۆرن و لەفەوتان ڕزگاری کردوون و بەشێوازێکی نوێ و جوان بیانڵێتەوە، بەبێ ئەوەی بیانشێوێنێ و لەڕەسەنایەتییەکەیان کەم بکاتەوە، بەڵام سوودی زۆری لەهۆنراوەی شاعیران وەرگرتووە و ئاوازی لەسەر داناون و بەدەنگە خۆشکەی خوێندوونی،

**شاعیرانی وەک؛**

- هەژار،
- هێمن،
- هێدی،
- حاجی هاشمی نانەوازادەگان،
- وەفایی،
- مستەفا بەگی کوردی،
- شەریف،
- سوارەی ئیلخانیزادە،
- سەید عەلی ڕەحیمپوور (سەید عەلی سەردەشتی)،
- غەریب پشدەری،
- عوسمان حیسامی،
- حاجی شێخ عەوڵای شەمسی بورهانی،



سەرچاوە Serchawe

– عەلی حەسەنیانی،
– سێمان شاوەلە
– و دکتۆر مەولەوی شیرازی و چەندینی تر)..

هونەرمەند جیا لە و گۆرانییانەی لە داوەت و زەماوەنددا خوێندوونی و بەدەیان کاسێتی بەدەنگی خۆش لەگەڵ مۆسیقادا تۆمارکردووە و، ماوەی (٨) ساڵ بەشێوەیەکی فەرمی ئەندامی ئیدارەی (فەرهەنگ و هونەر)ی ڕادیۆی مەهاباد بووە، لەوماوەیەدا نزیکەی (٤٠) گۆرانی تۆمارکردووە.

لە ساڵی (١٩٧٤) هونەرمەند لەلایەن بەڕێوەبەرانی ڕادیۆی کرماشانەوە خەڵاتی ڕێزلێنان لەبەرانبەر بەخشش و کارە هونەرییەکانی پێدەبەخشرێت..

هونەرمەند ئیبراهیمی قادری، خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز و خۆشەویست لەنێو کۆمەڵ و شاری مەهاباد و تەواوی کوردستان و هەروەها هاوڕێ هونەرمەندەکانی، لە ماوەی ژیانی هونەریدا لەگەڵ زۆر لەهونەرمەندان پێکەوە گۆرانی خوێندووە و بەشداربووە لەداوەت و خۆشیی و شاییدا، سەرەتا لەگەڵ هونەرمەندان (محەمەد حەتۆتە و شەریف دۆدۆڵچە) کە دوو هونەرمەندی بلیمەت بوون لە بواری گۆرانی میللیدا، پاشان هونەرمەند (صاڵح بۆکانی، مەلا حسێنی عەبدوڵڵا زادە، حەسەن زیرەک، ڕەسوڵی نادری، سەید محەممەدی سەفایی، عەلی گلێنانی، سەید عەلی سەردەشتی، قادر مامەندی و ئەحمەد شەنگە و ئیسماعیل سەردەشتی و ...تاد)، کارە هونەرییەکانی هونەرمەند لەگەڵ گرووپی مۆسیقادا ئەنجامی داون و بەدەست و پەنجە زێڕینەکانی هونەرمەندان (شاداب، ڕەشید فەیزنەژاد، عەزیزی تارژەن و..تاد)، خۆزگە ناوی هەموو ئەو هونەرمەندە ژەنیارانە کە هاوکاری هونەرمەند بوون بهاتایە و ناویان فەرامۆش نەکرێت و ڕێز لەماندوو بوونیان بگیرێت) هونەرمەند ئیبراهیمی قادری دەڵێت (کاتێک لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مەهاباد بووم، هونەرمەند ڕەشید فەیزنەژاد زۆر هاوکاری کردووم و هەندێک لەگۆرانییەکانمی تەنزیم کردووە، خۆم بەقەرزاری دەزانم)..

لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) و هاتنەدی بارودۆخێکی جیاواز لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و کرانەوەی سنوور لەنێوان ڕۆژهەلات و باشوور، هونەرمەند لە ساڵی (٢٠٠٣) بەیاوەری هونەرمەندی شمشاڵژەنی گەورە (قالە مەڕە ) و لە ساڵی (٢٠٠٦) و دواین جار لە ساڵی (٢٠١٤) هاتۆتە باشووری کوردستان و لە شاری سلێمانی و هەولێر ، لەلایەن کەناڵی ئاسمانی ( کوردستان و کوردسات) ەوە بانگهێشت کراوە و بەرنامەی هونەری لە و کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵییەکان تۆمارکردووە.

لە ساڵی (١٩٥١) و تا بەئەمڕۆ دەگات، هونەرمەند لەوڕێگا پیرۆزەی هونەر بەردەوامە و بەداخەوە ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە گۆرانی ناخوێنێ ، دیارە ئەوەش پەیوەندی بە هەڵکشانی تەمەن و پێی خۆشە کەرێگە خۆش بکات بۆ هونەرمەندانی دیکە کە ڕێبوارێکی بەئەمەکی ئەو ڕێگا پیرۆزەی هونەر بن و دڵسۆزانە و لەخزمەتی هونەری ڕەسەنی نەتەوەکەیاندابن، بەڵام پرسیارێک دێتە پێش، هونەرمەند خاوەنی (٥) کوڕ و کچێکە، تەمەندرێژبن، ئایا بۆ هیچ یەک لە منداڵەکانی ڕێچکەی باوکیان نەگرتووە و نەبوونەتە گۆرانیبێژ، لەوبارەیەوە هونەرمەند ئیبراهیمی قادری دەڵێت (لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ مامۆستایانی ئایینی لەوسەردەمەدا لەگوند و ئاواییەکان بەداخەوە ڕۆڵێکی خراپیان دەگێرا، ئەو دەست و پەنجە زێرینانە، ئەو هونەرمەندانە کە دەهۆڵ و زوڕنایان لێدەدا و کەیف و خۆشییان بە خەڵک دەبەخشی، بەناوی حەرام و ئەوانە (لۆتین) لەبەرچاوی خەڵک سوکیان دەکردن و بەکەم سەیریان دەکردن، ئەو هونەرە و هونەرمەندانە کاتێک هونەرەکەیان لەشارەکان نزیکبوونەوە ئەوجارناوی (چاوەش) یان وەدوو نان، بەڵێ منداڵەکانم هەموویان دەنگیان لە من خۆشترە ..! کاتێک منداڵەکانم لە قوتابخانە یان لەکوچە و کۆڵانان لەگەڵ هاوڕێ کانیان کێشەکیان هەبایە یان دەمەقاڵەیەک ڕوویدابا ، پێیان دەوتن بڕۆ بڕۆ کوڕە ( لۆتی و چاوەش)..

تا ئێستا چەندین جار هەوڵم لەگەڵ کوڕەکانم داوە و پێم وتوون دەنگتان خۆشە و شتێکم بۆبڵێن، پێم دەڵێن بابە گۆرانی چی بڵێین، ئەوەنییە لە دەرەوە پێمان دەڵێن کوڕە لۆتی و چاوەش، بەداخەوە ئەو کاریگەریی لەسەر ڕۆحیەتیان داناوون و ڕێچکەی هونەرییان نەگرت من وەکوو ئیبراهیمی قادری هەرچی یەک بم، کوڕی ئەم ئاو خاکە و کوڕی میللەتەکەی خۆمم!..
وەک ئاماژەم پێدا هونەرمەند ماوەی چەند ساڵێکە کە لەهونەری گۆرانی خوێندن و چوونە سەر داوەت و زەماوەند دوور کەوتووەتەوە و گۆرانی ناخوێنێ و ، زۆربەی کاتەکانی لەنێو دۆست و هاوڕێکانی و شارە ئازیزەکەی مەهاباد بەسەر دەبات و لەماڵەوەش زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئامێری تەسجیلەکەیدا و بەگوێگرتن لە گۆرانییەکانی خۆی کەپێش سی، چل ساڵ لەوبەر خوێندوویەتی و لەگەڵ دەنگ و موزیکەکەدا دەداتە شەقەی باڵ و لە و هەوارانە پشوو دەدات کە جەوان و جاحێڵ بووە و خاوەنی دەنگ و توانایەکی بەرزبووە و چریکاندوویەتی، دەگەڕێتەوە بۆئاواییەکانی **(باوەجەند، قادرئاوا، وەتەمیش، عیساکەند، مەمەلیان، گوێچکەدەرە، گەرماویان، بێوران و کانی باغ و شارەکانی مەهاباد و پیرانشار و نەغەدە و شنۆ و ....تاد )** و لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە هەوارەکەی خۆی لە شاری مەهاباد و فرمێسک بەچاوەکانیدا دێنە خوار کەف و کوڵی دڵی خۆی بە و فرمێسکانە سارێژدەکات.

دوای نووسینی ئەو چەند دێڕە لەسەر هونەرمەند ئیبراهیمی قادری، بەپێویستی دەزانم کە بەحورمەتەوە ناوی ئەو کەسایەتییە دڵسۆزانە بهێنین، کە خەمخۆرانە ئەو ئاهەنگ و کوڕ و داوەت و زەماوەندانەیان لەسەر کاسێت تۆمارکردووە و



سەرچاوە
Serchawe

ئەمڕۆ بوونەتە ئەرشیفی بەنرخی هونەری میللی نەتەوەکەمان، بەداخەوە تەنیا ناوی (کەریمی تەلایی) خاوەنی تۆمارگای (تەلایی) لە شاری مەهاباد دەزانم و خۆزگە ناوی هەموویانم بردبا.

لە کۆتاییدا دەڵێم سڵاو و ڕێز و حورمەت بۆ مێژووی نیوسەدە لە تێکۆشانی هونەریی هونەرمەند ئیبراهیمی قادری و ئەو هەموو بەرهەمە جوان نایابانەی تۆمارکردوو خستویەتییە سەر خەرمان و گەنجینەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی میللی نەتەوەکەمان و پێی دەڵێم خەرمان بەرەکەت و ماڵت هەمیشە ئاوادەن بێت بۆ دەنگ و هونەرەجوانەکەت.

**جەمالی دەلاک**

**٨ی ئاگۆستی ٢٠٢١**

## سەرچاوەکان:

- پەرتووکی گەنجینەی گۆرانی کوردی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عوسمان شارباژێڕی ، لاپەڕە (٥٨)
- پەرتووکی،، کیژە سابڵاغی، ئیبراهیمی قادری، هەولێ ٢٠٠٩ ، لاپەڕە (٣)
- پەرتووکی (تاریک و ڕوون) گولبژێرێک لەهۆنراوەکانی هێمن ، لاپەڕە (٣)
- بەرنامەی (ئەزموون و ژیان) کورد کەناڵ لە ١ - ٧ - ٢٠٢٠
- پەرتووکی (خەزێنەی هەرمان) تویژینەوەی گۆرانی فۆلکلۆر، چاپی دووەم، نووسەر: سەلاح نیساری، لاپەڕە (١٤)

.پەرتووکی ژیان و هونەر، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی تاهیر کرمانج، بەرگی دووەم، لاپەڕە (١٢٥)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردیپیدیا - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند «برایم قادری»یەوە




**خەلیلی غەزەڵی**

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هونەرمەندی نەتەوەیی و «خەڵکی بێژ»، «مامۆستا برایمی قادری» کە تەمەنی 90 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بەمبۆنەوە سەرخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان ، کۆڕی هونەرمەندانی کوردستان و ئۆگرانی دەنگی دەکەم و هیوای ئارامی و سەبووری بۆ بەجێ ماوانی دەخوازم.

مامۆستا برایمی قادری یەکێک لە ئاخرین گۆرانیبێژانی کلاسیکی کوردیە لە دەڤەری موکوریان کە زۆربەداخەوە بەکۆچی دوایی «کەلێن»یکی دیکە دەکەوێتە بواری هونەری گۆرانیبێژیی و بەتایبەت گۆرانیی خەڵکی و گۆرانیبێژی «شایی گێڕ»ەوە.

مامۆستا برایم هەرپاش شۆڕشی ٥٧ی ئێران، بەهەست بە بەرپرسایەتیی نیشتمانی و پاش سەرهەڵدانی «بزووتنەوەی رەوای رۆژهەڵاتی کوردستان» دەچێتە ریزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتەوە. لە زۆربەی شەڕەکان و رووداوەکانی ئەو

دەڤەرەدا دەوری دەبێ، تا ئەوەی لە شەڕێک دا بەسەختی بریندار دەبێ ، ئەگەرچی برینەکەی سەخت دەبێ ، بەهیمەتی هاوڕیانی دەگەیەندرێتە «نەخۆشخانەی حیزب» و بەهیمەتی «تیمی پزشکیی حیزب» لە مردن رزگاری دەبێ. بەڵام بەداخەوە ئیتر ئەو توانایە نامێنێ کە بەشداری شەڕ و جموجووڵی پێشمەرگایە بکات.

هەر ئەوە بوو پاش ماویەک بە «سەڵاحدید»ی حیزبی دیموکرات دەگەڕێتەوە مەهاباد.

هەرلەم سەردەمەدا بەداخەوە کوڕی گەورەی بەناوی «موستەفا» کە پێشمەرگەی «هێزی بەیان»ی حیزب دەبێ لە ناوچەی بۆکان لە شەڕەکانی دەوروبەری شاری بۆکان شەهید دەبێ ، کە ئەوەش کاریگەریەکی روحی زۆری لەسەر مامۆستا برایم دەبێ، هەرچەند بە ورەیەکی بەرزی شۆڕشگێڕانە، مەرگی رۆڵەکەشی قەبووڵ کرد.

وەک ئیشارەم پێدا، مامۆستا برایم یەکێک لە بەناوبانگترین گۆرانیبێژان و «شایی گێران»ی دەڤەری موکوریان بوو بە شێوەیەک کەلە دەرەوەی موکریان و تەنانەت لە باشووری کوردستانیش بانگهێشت دەکرا.

من شانازی ئەوەم هەبوو کە ماوەیەک لە «کومیتەی شارستانی بوکان»ی حیزبی دیموکرات لەگەلی هاوسەنگەر بووم و بیرەوەریی ئەو سەردەمەم لەگەلی زۆرە، هەربەو هۆیەشەوە یادکردنەوە و راگەیەنەریی کردنی کۆچی دواییم ئەم هونەرمەندە تێکۆشەرەم بە ئەرک زانی

یاد و ناوی «مامۆستا برایمی قادری» هەرمان و هیوادارم رێگای چ لە بواری هونەری گۆرانی و چ لەبواری شۆڕشگێری دا کوێر نەبێتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## بۆ ئەو یادەی هەر شادی بوو



**بێبەش پیرۆتی**

لە رۆژهەڵاتی وڵاتمان و بە تایبەت لە مەهاباد و دەور و بەریدا کەم کچ و کوڕی دەیەکانی چلەکان و پەنجاکان و شێست و حەفتاکان هەیە لە شایی و زەماوەندانـدا بەشداریان کردبێ و بەشێوەکانی "ڕۆینە" و "چەپی" و "سێ پێی" و "گەڕانەوە" هەڵپەڕیبن و دەنگی خۆشی هونەرمەند و بەندبێژی شارەزا "برایمی قادری" ی لە یاد نەبێ.

یادی ئەو هونەرمەندە لە نێو دونیای پڕ خەم و کەسەری ئێمەی کوردی زوڵملێکراودا هەمووکاتان ئەو بڕە شادی و خۆشحاڵیانە دەخاتەوە بیر کە بۆ دەسپێکرانی ژیانی هاوبەشیی ئازیزان دیتراون و هەست پێکراون.


ئەو هونەرمەندەی کە شادی خستە دڵان و کۆڕی گۆوەندانی خستە خرۆش بەداخەوە دوا ماڵئاوایی کرد و ئەم دونیایەی بە جێهێشت.

"برایمی قادری" هونەرمەندی بە ناوبانگ ماوەیەکیش کەوتە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستان و بە هونەرەکەی سەنگەری تێکۆشەرانی نەتەوەکەی گەرمتر کرد و یەکیک نموونەکان بەشداری کردن لە یادی چلەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو و لەو مراسمەدا بە پێشکەش کردنی گۆرانی کۆڕی یارانی گەرمتر کرد.

بەداخم بۆ کۆچی دوایی ئەو گۆرانیبێژە بە ناوەی کورد و بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە هەموو هونەرمەند و هونەردۆستانی کوردستان بە تایبەت بنەماڵەی بەڕێزی دەکەم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## برایمی قادری، قوتابخانەی فۆڕمێکی گۆرانی کوردی




**سەرکەوت بورهان**

برایمی قادری لەناو هەناوی ڕەسەنایەتی کوردیدا کۆمەڵێک فۆڕمی گۆرانی کوردی بە زیندوویی ڕاگرت و بەرەو پێشی بردن. ئەو هونەرمەندە گۆرانییەکانی هەم لە ڕووی ئاواز و ڕیتمەوە (بونیادی موزیکی) هەم لە ڕووی هۆنراوەو دەقەوە (بونیادی زمان) ڕەسەن بوو، یەک تۆزقاڵ توخم و پێکهاتەی دەرەکی لەگەڵ نەبووە.

برایمی قادری بە جۆرێک خزمەتی گۆرانیی کوردی بە گشتی و بە تایبەت (گۆرانیی شاد) یاخود گۆرانی هەڵپەڕکێی کردووە،

باوەڕم وایە لەو بوارەدا لە پێشەنگەکانە. بە ڕێژەو ژمارەیەک گۆرانی هەیە کە لەپێشی پێشەوەیە.

ئەگەر لە بواری (گۆرانی شاد)دا برایمی قادری نەبوایە، بێگومان بۆشاییەکەی گەورە دەکەوتە ناو ئەو بوارە لەناو شێوەزاری سۆرانیدا.

برایمی قادری قوتابخانەیەکی (گۆرانیی شاد)ی کوردییە، چونکە دوای خۆی دەیان و، سەدان قوتابی بە دوایدا ڕێگایان گرت.

## ئەو هەم پێشەنگ و هەم قوتابخانە بوو.

هەم کەسایەتی بەرزی برایمی قادری تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر ئەوە هەبوو کە ئاستی تێگەیشتنی خەڵک بەرز بکاتەوەو، کەسایەتی (گۆرانیی هەڵپەڕکێ و شاد)ی کوردی لەناو بازاڕەوە بباتە ناو کۆڕی هونەری، چونکە کورد تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی کاریگەری ئایینەوە بێڕێزی بە دەنگبێژ و گۆرانیبێژەکانی خۆی کردووە.
بەڵام کەسایەتییەکی بەرزی وەک برایمی قادری بووە قەڵغان لەو بوارەداو پێگەیەکی بەرزی بەخشییە گۆرانیی شاد و هەڵپەڕکێی کوردی.

کۆڕی زەماوەندو بە تایبەت بووک گواستنەوە و هەڵپەڕکێ لە سایەی برایمی قادری گەرموگوڕ کراو بە ڕێزەوە سەیری ئەم هونەرمەندەو هونەرەکیان دەکرد.

بەندگوتن لای برایمی قادری چووە ئاستێکی باڵاوە و قاڵب و فۆڕمی خۆی وەرگرت و بووە پێکهاتەیەکی گرنگی (بونیادی موزیکی) گۆرانی یشاد. ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێت لێی دەگرێم بۆ دەرفەتی تر...

جیا لە گۆرانییە شاد و هەڵپەڕکێ و بەندەکانی قادری چەندین سەدان گۆرانی تری هەیە کە هەریەکەیان هەڵگری ئاواز و هۆنراوەی ڕەسەنی کوردین و لە ئاستێکی باڵادان...

بە داخەوە توێژەرانی کورد، هەستیان بە گرنگی هونەری برایمی قادری نەکردووە، جێی داخە لە ڕووی هونەری و توێژینەوەوە هیچ لای لێ نەکراوەتەوە، چونکە قادری هەم پێشەنگ، هەم قوتابخانەی فۆڕمێکی گرنگ و کۆمەڵایەتی و بەربڵاوی جۆرێکی گۆرانی کوردی بوو.



سەرچاوە
Serchawe

برایمی قادری لە ڕادیۆ کوردییەکاندا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ هونەرمەتد حەسەن زیرەک، بەرهەمی هەیە و لە چەند گۆرانییەکدا وەک کۆرس بەشدارە.

چینە دەنگی برایمی قادری لە ئاستی چینە دەنگە تیژەکانی پیاواندایە (تینۆر)، بە چەندین مەقامی جیاوازی جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتی گۆرانی گوتووە، بە تایبەت مەقامی (بەیات) لە سەرووی هەموویانەوەیە.

بە داخەوە برایمی قادری جگە لە چەند دیدار و چاوپێکەوتنێک، هیچی لەسەر نەنووسراوە، تەنانەت لە (ویکیپیدیا) دێڕێکی لەسەر نییە.

## ژیاننامە:

- ئیبراهیم کەریم عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە برایمی قادری، لە ٢٥ - ١١ - ١٩٣٤ لە گوندی عیساکەندی مەهاباد لە دایک بووە.
- لە تەمەنی هەرزەکاریدا لە نازی دایک و باوکی بێبەش دەبێت و بە ژیانێکی سەختدا تێدەپەڕێت.
- لە ساڵی ١٩٥١ دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە.
- لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەمجار سەردانی باشووری کوردستانی کردووە.
- قادری ماوەیەکیش لە تەمەنێدا پێشمەرگایەتی کردووە...
- سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩ی ١١ی ٢٠٢٤ لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ڕۆحی شادو ئارام بێت....

**بۆچوونی هونەرمەندی پایەبەرزی نەتەوەکەمان مامۆستا سەرکەوت بورهان لەسەر هونەرمەندی کۆچکردوو برایم قادری**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی هەمزە ئاگۆشتی - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

# هێندەی دنیایەک خەمی تۆمە



**سەلاحەددین ئاشتی**

**خۆزگەم بەو کەسانەی دەتوانن لە قۆناغەکانی ژیانیاندا ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیان بێنن و هەر لە قالب و قاوغێکدا نەمێننەوە. گەشەی بیر و مشتومالّی مێشک و دەروونە کەوا دەتوانێ ئادەمیزاد پوختە بکا و هەورازی بەرێ.**



سەرچاوە
Serchawe

ژیان وایە، هەتا وردبوونەوەی تێدا نەکرێ گەشە ناکا و پێداچوونەوە بە ئاکار و وتاردا بەخوداچوونەوەی بە شوێندا دێ. جاری وایە پێویستییەکی سەردەم دەتوانێ بەرگێک لە بەر مرۆڤێک دابڕنێ و بەرگێکی دیکەی بکاتە بەر و بە شێوەیەکی دیکە ڕایبنێ و گوێی زەمانی بخاتە سەر سینە و بەرۆکی.

وا هاتووە و واش چووە، خۆشەویستی هەمیشەییمان هونەرمەندی نیشتمانی ماموستا برایمی قادری یەکێک لەو کەڵەمێردانە بوو، کە تەواوی قۆناغەکانی تێگەیشتن و پێگەیشتنی بڕی و بە سەری بەرزەوە گیانی ئەسپارد. چ گۆرانیبێژی و چ گیان لە پێناو بوونی بۆ بەختەوەری و ڕەندەپیاو بوونی وەکوو کەسێکی کۆمەڵایەتی، کردی بەو هونەرمەندە باڵابەرزەی کەوا میداڵی شانازیی خستە ئەستۆی.

وەکوو ئاشکرایە، کاک برایمی قادری لە قوتابخانەی پەروەری خوابەخشیو کاک کەریمی بابیدا خونچەی چنی و بە هەڵگرتنەوەی وێنە لە خوالێخۆشبوو ئوستاد سەید عەولای بورهانی و کۆمەڵێک کەسی دیکە خۆی پێگەیاند و گەلێک گۆرانیی دانا، کە بە شێعر و ئاهەنگەوە دەسکردی خۆی بوون. ئەم هونەرمەندە میللییە لە کۆڕی شایی و چۆپیگێڕانیشدا، وەک کەسێکی خۆوێژ و مەند و ماقووڵ و خاوەن پرەنیسپ توانی جێگایەکی تایبەت داگیر بکا لە نێو هاوشانەکانیدا و لە زۆرانی تێپەڕێنێ.

بەشداریی هەزاران کەس لە ڕێوڕەسمی ناشتنیدا، چی ڕابردووی جوان و نەخشین و بێگەردی بوو هەمووی ژیاندەوە و دەتوانم بڵێم خەڵک ئەوەندەی بۆیان کرا هەقی خۆیان دایە. ئەم بەشدارییە بەربڵاوە خۆی یەکێک لە نیشانەکانی شعووری پێگەیشتووی کۆمەڵانی خەڵکە و هیوادارم هەر وا بەردەوام. هەست بە بەرپرس بوو بۆ بەشداری لە نێژران و پتر لە چوار سەعات ڕاوەستان لەسەر قەبران لە جەنگەی بارانەدا، نیشایەکی دیکەی تێگەیشتنە.

تەنیا خاڵێکی ناخۆش کە لە ناشتنیدا هاتە پێش، وەبەرچاو نەگرتنی بڕیاری هەیئەتئومەنای تایبەتی گۆڕستانی هونەرمەندان بوو، کە سەرباری ئەوەی قەبریان لە نێوەندی بەشی دووهەمی"هونەرمەندان" بۆ هەڵکەندبوو، لەسەر پێداگریی چەند کەسێک کارەکە لەسەر تەوەرە و بستەی خۆی ترازا و لە بەشی یەکەم و جێگایەکی چەپەکی پەنا دیوار نێژرا!! هەر چەندی هاواریشم کرد، قسەم نەیبڕی. ڕاستە بەندە دوای سی ساڵی ڕەبەق کار کردن، وەک ئەندامێکی هەرە کەم تەمەنی هەیئەتئومەنا، ئەوە پێنجشەش ساڵە بە ویستی خۆم هەیئەتئومەنا نەماوم، بەڵام دەزانم ئەندامانی هەیئەتئومەنا کوێیان دێشێ و چۆن بۆ داهاتووش تووشی گرێ و گرفتی ئاوا نەخوازراو دەبن. ئەم کارانە وا دەکەن ڕوخساری تاقانەی وێ بگۆڕێ و ڕەنگە هێندێکانیش ئەو گۆڕانەیان بە دڵ بێ! وەک لە قەدیمەوە گوتوویانە:

**ئەو کەسەی کەسە، حەرفێکی بەسە!**

وەک لەوێش گوتم: کاک برایمی قادری لەو سەری دنیاشی بنێژن، هەر ئەو هونەرمەندەیە و لێی کەم نابێتەوە...

خەڵک دەبێ بزانێ بەشی دووهەمی نێژگەی هونەرمەندان، درێژکراوەی بەشی یەکەمە و ناکرێ ئەوەندە کەلێن و قوژبنەی ماویشە، یان ئەو گەڵاڵانەی بۆیان پێشبینی کراوە تێکبچنەوە! بەشی دووهەم کۆمەڵێک هونەرمەندی وەک قادری سەیاحی، قالە شین و محەممەدی دانیش و شاعیران و مامۆستایانی وەک دوکتۆر بۆرەکەیی، حاجی قادر قادری، سەید ئەحمەدی حەسەنی و سمکۆی پاکزاد و چەند ناودارێکی دیکەی لێ نێژراوە.

ئەوەندەی دەزانم هێندەی دنیایەک مەرگی کاک برایم تەمی خەمی کێشا بەسەر ناخمدا و تەمی نەخۆش بوونەکەشی لێ زیندوو کردمەوە/ لێ زیندوو کردینەوە.

خەڵکی وریای نیشتمان، بزانن زولەیخاخاتوونی برازای کاک برایم، کە ژیان و تەمەنی خۆی کردۆتە بەختی ئاسوودە ژیانی مامۆستا برایم قادری و هاوسەرەکەی و دەستی لە هەموو خۆشییەکانی ژیانی هەڵگرت، ئەوەندەی بیر بڕ دەکا جێگای سپاسی تایبەتە و نابێ لە یادمان بچێ؛ کێی دیکەش بە باری ڕووحیدا چی کردووە بۆی و بۆیان ماڵی ئاوەدان بێ، چونکە کاکە برایم کەسێکی دارا و دەسڕۆیشتووی تێر و تەسەل بوو. یادی بەخێرتر لەوەی خەیاڵ دەتوانێ بیخاتە سەر شاباڵی.

**سەلاحەددین ئاشتی**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی گۆران ئەمیری - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤**

## هوونەرمەند ئیبراهیم قادری کوچی دوایی کرد.



**عەلی سوورەچۆنی**

ئەمڕۆ ٢٩ی خەزەڵوەر، هەواڵی کۆچی دوایی هوونەرمەندی دەنگ خۆش و نیشتمان پەروەر، هوونەرمەند برایمی قادری لە شاری مەهاباد بڵاو بۆوە.

برایمی قادری"دەنگێکی دیار و خاوەن هەڵوێستی بەرزی نەتەوەیی بوو.

بەدەر لە کوردپەروەری بنەماڵەکەی، خۆشی وەک، پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ، چەندین ساڵ چەکی دیفاع لە بەرگری لە گەلەکەی لە شان بوو.

بە هۆی چوونە تەمەنەوە، برایم قادری گەڕایەوە بۆ ناوخۆی وەڵات. لەوێش درێژەی بە کارە هوونەریەکانیدا. بە دڵنیاییەوە هەست و ئەوینی ئەو هوونەرمەندە بۆ گەلەکەی و بۆ نیشتمانەکەی لە بیر ناکرێت.

ناوبراو، بە دەنگە خۆشەکەی چەندین سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕی گووتوە و خزمەتێکی زۆری بە هوونەر و کەلتوور و ئەدەبیاتی گەلەکەی کردووە.

بوون و کەسایەتی و شوێندانەری ئەو جۆرە هوونەرمەندانە لە ناو خۆ و لە نێو خەڵکی کوردستاندا، بۆتە هێزی زیندوو مانەوەی خەباتی ئێمە. ڕۆڵ و نەخش و بیرەوەرییەکانیان بوون بە دەرس و وانە بۆ لاوەکانی کوردستان.

برایم قادری خزمەتەکانی بەرچاون و وەک میراتێکی گەورە بۆ نەوەکانن دەمێننەوە.

هەر بۆیەش لە دەستدانیان شەپۆلێکی گەورە لە خەم و ئازاری بە دوادا، دێت.

بەو بۆنە خەمینەوە، سەرەخۆشی دەکەین لە بنەماڵە سەربەرزکەی و دۆست و ناسیاوانی و تەواوی هوونەرمەندانی نیشتمان پەروەر و خەڵکی شاری مەهاباد و گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی.

سەری ڕێز بۆ خزمەتەکانی و روحی شاد بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## مامۆستا برایم قادری بە جەستە بەجێی هێشتین




**ڕەسووڵ سوڵتانی**

**ئەو ساڵانێکە لە نێو ڕۆحی ئێمەدایە و چریکەی ئاوێتەی ژیان و گیانمان بووە.**

گۆرانیبێژی کورد، جیا لەوەی ئەم شانازییەیان پێ براوە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ نەبوونی قوتابخانە و خوێندەواری، بەشێک بوون لە پاراستنی زمانی کوردی، لە سەردەمی زوڵم و زۆرداری و دیکتاتۆرییشدا سەربەرزانە ژیاون.

زۆر بە دەگمەن گۆرانیبێژێک هەیە پاڵی بە دامودەزگای زاڵمەوە دابێت، بەڵام ژمارەیان زۆرە ئەوانەی نەترسانە بۆ گەل چڕیویانە و زۆرجاران خۆیان تووشی بگرە و بەردەی زۆرداران کردووە.

مامۆستا برایم قادری یەکێکە لەو هونەرمەندانەی سەربەرزانە ژیا. قادری تەنیا هونەرمەندێک نەبوو، بەڵکوو نیشتمانپەروەرێکی بەبیروباوەڕیش بوو.

**دەنگی برایم قادری لە نێو شەپۆلەکانی ڕۆحماندا تاهەتا زیندووە.**

**چەند گرینگە مرۆڤ ئاوا بژی**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ کۆچی دوایی گەورەهونەرمەندێکی خەڵکی و خاکی




**برایم جەهانگیری**

برایم قادری یەک لەو دەگمەن هونەرمەندانە بوو کە بۆ خەڵک و بە بزە خستنی سەر لێوی گەورە بچووک، بۆ شایی و داوەت گێڕان و شادی بەشینەوە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەموو تەمەنی خۆی دانا و بە داخەوە بە جێی هێشتین.
برایم قادری لە کاروانە هونەرییەکانی فۆلکلۆری و بەزم و مەجلیسی کوردان بوو، ئەو و ئەوانی پێش خۆشی خەزێنەیەکی گەورەیان لە ئاهەنگی شادی بەخش و شایی و داوەتی خەڵک و مەجلیسان بۆ بەجێ هێشتن، ئەوان ئەو کاروانە هونەرییەیان لە زەمانێک دا دەپێوا کە دەستیکی نامۆ خەریک بوو ئەو بەندبێژە کوردانەیان بە ناوی شایەر و شتی لەو بابەتە لە پێش چاوی خەڵک بخا بەڵام ئەوان چون لە ناخی کۆمەڵگای کوردی هەڵقوڵابوون و چون بەشێک لە پەیف و زمان و زاروە و وشەی کوردیان دەپاراست و چون هۆکاری شادی و دڵخۆشی خەڵک دەبوون هەر وا لە ناو خەڵک دا بەڕیز و خۆشەویست مانەوە.

مخابن کاک برایمی قادری هونەرمەندیش وەک گەلێکی دیکە لە هونەرمەندانی بڕگەیەکی زەمانی کوردان بەجێی هێشتین، ئەو خزمەتی خۆی هەم کاتێ کە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی دێمۆکرات دابوو وەهەمیش دوای ئەو بە پاراستنی بەشێک لە

کولتوور و فەرهەنگی کوردان پشکەش بە گەلەکەی کرد. یادی هەر مان و خزم وکەس و دۆستانی سڵامەت بن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## هونەرمەندی و وەفای گەل



**اسماعیل مصطفی زادە**

١- ئەمڕۆ کاک برایم قادری هونەرمەند، پاش تەمەنێک خزمەت بە نەتەوەکەی بە جێی هێشتین، زۆر کەس وێنەی دەستە ملانی دەگەڵ ئەم هونەرمەندە ستۆری کرد و پۆستی دانا، لە وەسفی کاک برایم شێعر و وتار و قسە و... بڵاووکراوە و ڕێزی گیرا و سپاسی کرا و ماڵئاوایی لێکرا ئەوە ڕوویەکی دراو بوو

## بەڵام

٢- من ڕوویەکی دیکەی دراوەکە دەبینم، من وەک خۆم سپاسی خەڵک دەکەم، دەستیان ماچ دەکەم، هیوا لە دڵ و مێشکم زیاتر بوو کە گەل پێزانە و کەسایەتێکانی خۆی دەناسێ و ئەوەی لە بەرەی گەل بێ دەیناسێ، کەسانێک زانراو و نەزانراو زۆر لە مێژە دەیانهەویست بڵێن گەل ڕێزی گەورە و کەسایەتی خۆی نازانێ. بەڵام نیشانیان دا گەلەکەمان وشیارە و دەزانێ

ڕێز لە کێ بگرێ، وادیارە لە خەم ڕەخسیوین و لە دارە دارە دەرچووین و ڕێگامان دۆزیوەتەوە.

٣- خەڵک دەزانێ ئەوەی لەبەرەی گەل بێ نامرن و لە دڵی میللەت زیندوون،کە وایە خۆزگە بەوانەی لەبەرەی گەلن و خەمخۆری وڵات و بێزراوی خەڵک نێن.


٤- سپاس خەڵکی ئەمەگناس و ڕێگاناس، ماڵئاوا مام برایم هونەرمەندی نەتەوەیی.

د. ئیسماعیل مستەفازادە - مەهاباد

بەرپرس و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری بەیان

٢٩ - ٨ - ١٤٠٣

## کۆچی دوایی هونەرمەندی خەڵکی کاک برایمی قادری لە مەهاباد



**کوردستان میدیا**

ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی خەزەڵوەری ١٤٠٣، کاک برایمی قادری هونەرمەندی نیشتمانپەروەر و خەڵکی، دوای ماوەیەک بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک برایم هونەرمەندێکی خۆشەویستی خەڵک بوو؛ دەنگخۆشی لە کاک کەریمی باوکیەوە بۆی مابوویەوە کە پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان بووە و بە هۆی ئازایەتی لە شەڕی قارەوا و سەرا لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد سەرۆککۆماری کوردستانەوە خەڵات کراوە.

کاک برایم لە ئاوایی "عیساکەند" لە دایک بووە و ساڵی ١٣٤٠ی هەتاویی هاتووەتە شاری مەهاباد و لەوێ نیشتەجێ بووە.

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران ئەندامی حیزبی دێموکرات بووە و سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بووەتە پێشمەرگە و چەند جارێک بریندار بووە و کوڕێکیشی بە ناوی مستەفا شەهید بووە.

مستەفا قادری پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووە و ساڵی ١٣٦٠ لە قزڵقوپیی مەهاباد لە تێکهەڵچوونێکدا شەهید بووە و تەرمەکەی لە ئاوایی لەج بە خاک سپێردراوە.

کاک برایم لە حیزبدا فێری خوێندن و نووسین بووە و خاوەنی کتێبێکە بە ناوی " کیژە سابلاغی" کە شێعری هەموو بەرهەمەکانی تێدا نووسیوەتەوە.

کاک ئیبراهیم قادری کادری حیزب لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو و ماوەیەکی زۆر وەک بەرپرسی بەشی تەداروکات لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە "دەشتێو"ی قەڵادزێ ئەرکی حیزبی بەجێ دەهێنا.

مامۆستا برایم قادری کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەی مەهاباد و دەوروبەر بوو. هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە ئەویندارى نیشتمان و و دۆستی نزیکی ڕۆڵەکانی گەل، پێشمەرگە بوو. زۆر گۆرانیی بۆ پێشمەرگە دەوت کە چەندین جار بەم هۆیەوە لەلایەن ڕێژیمەوە تووشی ئەزیەت و ئازار بووە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری ناوبراو و هەروەها ئۆگرانی دەنگ وهونەرەکەی دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو بەدڵ کورد و کوردستانی خۆش دەویست.



ئاشق ئیسماعیلی

کاک برایمی قادری، هونەرمەندی دەنگخۆش، ڕووخۆش، خەڵکی، خاکی و نیشتمانپەروەر، دەیان ساڵ خزمەتی بە فۆلکلۆر و هونەری گۆرانیی نەتەوەکەی کرد و بە تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆر گۆرانیی بەرهەمی خۆی و گوتنەوە و زیندوو کردنەوەی کۆمەڵێکی گەورەتر لە گۆرانییە ڕەسەنە کۆنەکان، بە دەنگ و چریکە دڵبزوێنە تایبەتەکەی، وەک هونەرمەندێکی دیاری خۆشەویست و گەلی دەناسرێ کە هەمیشە لەگەڵ خەڵکی خۆی بوو و لە خەم و شادییان دا هاوبەش بوو.

ئەو بەدڵ کورد و کوردستانی خۆش دەویست، ئەو ئەوینەی بە بیر و جەستە سەلماند و دوای شۆڕشی ئێران و لە قۆناخێکی ناسکی خەباتی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، چووە ڕیزی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادییەوە، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی پۆشی و دەو ڕێگایە دا برینداریش بوو.

بەو بۆنە ناخۆشەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی و خزمان و دۆستانی کاک برایم و هەموو ئەویندارانو لایەنگرانی

هونەری کوردی دەکەم و هاوبەشی خەم و پەژارەیانم،. کاک برایمی قادریی هونەرمەند و نیشتمانپەروەر، دوای کۆچی یەکجاریشی، دە نێو بەرهەمەکانی دا و بە دەنگە خۆشەکەیەوە لەگەڵمانە و لە بیر و دڵمان دا دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



## هونەرمەند کاک برایمی قادری ماڵاوایی لە ژیان کرد.



سەلاح شەشە

لە گردەگروێ زەماوەنـدی بـراگەورەکەم، کـاکە سـەڵەمانم بـوو. بەیـانی دەهـۆڵ و زوڕنـا بە ژەنینـی ئاهەنگێـک بە نێـوی ،، سـەحەری،، بەشـدارانی زەماوەنـدی کـۆدەکردەوە. لە حەسـاری خۆمـان ڕەشبەڵەک گیرابـوو سـەروبنی دیـار نەبـوو کـاک بـرایم قادری و کاک رەسوڵی نادری سێ شەوو ڕۆژ داوەتیان گێڕا. هەردووکیـان دۆستایەکی گەرمیان دەگەڵ بابم هەبوو. لەو شـایەدا یەکەم جـار بە دیـداری کـاک بـرایم شـاد بـوم. لە پێشمەرگایەتی‌دا نێوانمـان خـۆش بـوو، کـاک بـرایم دەیزانـی مـن بە نێـوی سەلاح قەڵسم، بۆ ئەوەی تورەم کا بە سەلاحەدین بـانگی دەکردم... .

سەردانی دەرەوەی ولاتـی کردبـو منیشی بێ بەش نەکرد و بەسـەری کـردمەوە، کـوتی پێمخۆشە دەگەڵ کـاک خالیـد حەزیـزی پەیوەندی بگرم، کوتم بە چاوان تەلەیفونی کاک خالیدم بۆ گرد و بۆخۆیان، قسەیان، کرد...

زۆر جاران لە مەهاباد دەچۆ لای بابم و تەختەنەردیان دەکرد و زەنگیان بۆ لێدەدام، ئـاخر جـار بە پێکەنینەوە فەرمووی،، سەلاحەدین فێڵیشم لێکرد هەر بردێو،،

ئێوارێ هەواڵی کۆچی دوایی کاک برایمم بیست نوقتەی ئاخری بۆ دونیای بیرەوەێکانمان دانا.

سەرەخۆشی لە هەموو خزمان و ئازیزانی کاک برایم دەکەم

وێنە: سوئێد .لە مامە خۆمدا لە خزمەت کاک برایم دام.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## هونەرمەندی نەمر کاک برایم قادری لە کۆڕی تێکۆشەرانی دیموکراتدا



**(فینلاند و نۆروێژ هاوین و پاییزی ٢٠١٠)**

**چەند دێڕێک لەپەراوێزی ئەم چەند وێنەیەدا:**

**قادر وریا**

**کۆتاییەکانی هاوینی ٢٠١٠ لە گەڵ بەڕێزان کاک حەسەن قادر زادە، کاک ڕەسووڵ مینە هەڵاج و کاک کەریمی حەمەشین لە**



سەرچاوە
Serchawe

سویدەوە بە سەردانێک چووینە فینلاند. لە خۆش شانسیی خۆمان، هونەرمەندی تازە کۆچکردوو، کاک برایم قادری بۆ سەردانی کوڕەکەی هاتبووە فینلاند. بە ئەرکی خۆمانمان زانی بۆ بەخێرهاتن و دیدار نوێکردنەوە بچینە سەردانی. لە نێوەراستەکانی پاییزیشدا لە ئۆسلۆ، بە خانەخوێیی و میواندارێی خاتوو کوێستان گادانی و کاک قادر خەندانی، دەعوەتێکی گەورە ڕێک خرا. لەم میوانییەشدا کە هونەرمەند برایم قادری گوڵی مەجلیسەکە بوو، جارێکی دیکە دەیان ڕۆڵەی دیموکرات، بە دیداری گۆرانیبێژی بەناوبانگ و هونەرمەندی خۆشەویستی خۆیان شاد بوونەوە. هەتا کاک برایم لە ژیاندابوو، دەبا خۆمان لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وێنانە پاراستبا بۆ ئەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران، کێشەی بۆ دروست نەکەن. ئێستا کە بە داخەوە ئەم هونەرمەندە، ئاواتی یەکتر دیتنەوەمان لە ڕۆژهەڵاتی ئازادی بۆ نەهاتەدی، وەک ڕێزلێگرتن و یادکردنەوەی ئەو دیدارە پڕ بیرەوەرییانە، ئەم وێنانە بڵاو دەکەمەوە. هاوکات سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆم لە گەڵ بنەماڵەکەی و هەموو هۆگرانی ئەو هونەرمەندە میللییە ڕادەگەیەنم. یادی بەرێز و ڕەوانی شاد.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



# کۆچی دوایی هونەرمەندی خەڵکیی کاک برایمی قادری



کەماڵ گرویسی

بەداخەوە ئەمڕۆ۲۹ی خەزەڵوەری ساڵی ۱٤۰۳ی هەتاویی، هونەرمەندی نیشتمانپەروەر و خەڵکیی دوای ماوەیەک بەربەرەکانی دەگەڵ نەخۆشی، کۆڕی گەرمی بنەماڵەی بەجێهێشت و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو.

کاک برایم هونەرمەندێکی خەڵکیی و خۆشەویستی خەڵک بوو، دەنگ خۆشیی لە بابی ڕا بۆ مابۆوە، کاک کەریمی بابی مرۆڤێکی دەنگ خۆش و مەجلیس خۆش بوو،بەڵام تەنیا لە کۆڕی دۆستان و ئاشنایاندا گۆرانی چڕیوە و هەروەها

پێشمەرگەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان بووە و بە هۆی ئازایەتی لە شەڕی قارەوا و سەرا لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان،خەڵات کراوە. کاک برایم لە ئاوایی "عیساکەند" لە دایک بووە، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاویی هاتووەتە شاری مەهاباد و لەوێ نیشتەجێ بووە. پێش شۆڕشی گەلانی ئێران ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بووە بە پێشمەرگە و چەند جارێک بریندار بووە و کوڕێکیشی شەهید بووە. من سەرەڕای ناسیاویی پێشووترم، لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە دەشتێوی قەڵادزێ زیاترمناسی. کاک برایم و مام تۆفیقی تارزەن زۆر ئێواران تا درەنگانێکی شەوێ بە دەنگی خۆش و هەوای بلاوێن دڵی پێشمەرگە بریندارەکانی حیزبیان خۆش دەکرد و خەم و تەمیان لەسەر دەڕەواندن.

کاک برایم لە حیزبدا فێری خوێندن و نووسین بوو، کتێبی تاریک و روونی مامۆستا هێمنی زۆر بە باشی دەخوێندەوە. ئەو خاوەنی کتێبێکە بە ناوی " کیژە سابڵاغی" کە شێعری هەموو بەرهەمەکانی تێدا نووسیوەتەوە.

رووحی کاک برایم شاد بێ، سەرەخۆشی لە منداڵەکانی و سەرجەم خزمانی دەکەم و هیوای سەرساغی و سێبوورییان بۆ دەخوازم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

# بێگومان یادی هونەرمەند کاک برایمی قادری و بەرهەمە هونەرییەکانی بۆ هەمیشە لە نێو گەلەکەیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە



**تاهیر قاسمی**

چەند ساڵ لەوەپێش تەشریفی هاتە فینلاند و بەختی ئەوەم هەبوو لە نیزیکەوە بە خزمەتی بگەم. کە خۆم پێ ناساند و گوتم خەڵکی ئاوایی "پیروەلیباغ"م، تاوێکم لێ ڕاما، بۆ چەند چرکەیەک چوو لە فکرەوە و دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ، بە حەسرەتەوە گوتی؛ ڕەنگە شێست ساڵ لەوە پێش بۆ یەکەمجار لە دێیەکەی تۆوە دەستم پێ کرد؛ حاجی محێدین برادەرم بوو و بۆ شاییەکەی لێی گێڕابوومەوە...

هونەرمەند کاک برایمی قادری، دوای تەمەنێک تێکۆشانی هونەری و سیاسی، دوای خوڵقاندن و زیندووکردنەوەی خەرمانێک لە گۆرانیی ڕەسەنی کوردی، دوای ڕازاندنەوەی سەدان بەزمی شایی و ڕەزمی خەبات، ئەمڕۆ ماڵاوایی لە گەلەکەی کرد. بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە ئۆگرانی هونەری ڕەسەنی کوردی، لە بنەماڵەی بەڕێزی قادری لە مەهاباد بەتایبەت هاوڕێیانی ئازیزم کاک میرۆ (ئەبووبەکر) و کاک ئەمیر، کوڕانی کاک برایم لە فینلاند دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

بێگومان یادی هونەرمەند کاک برایمی قادری و بەرهەمە هونەرییەکانی بۆ هەمیشە لە نێو گەلەکەیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە

----




گوێم لێ بوو کە کاک ڕەسووڵ سوڵتانی لە وتووێژێکدا لەگەڵ کوردکاناڵ دەیگوت؛ حیزبی دێموکرات هیچی لێ نەستاندووم بەڵام هەموو شتێکی پێ بەخشیوم.

ئەمە وەبیر وتەیەکی هونەرمەندی نەمر کاک برایمی قادری خستمەوە کە چەند ساڵ لەوەپێش لە وتووێژێکی خۆمانەدا پێی گوتم:
گەورەترین دەسکەوتی ژیانم لە سێبەری مەزنی حیزبی دێموکراتدا دەستەبەر کرد کە سەوادی خوێندن و نووسینە. دەشیگوت؛ هەمیشە دڵم لەوێیە و ئەگەر لە وەختی گۆرانی گوتنیشدا دەڵێم "ئاتەش" مەبەستم هەیە و دەشزانم خەڵک لە مەبەستم دەگەن..

وێنەکەم لە دیواری کاک قادر وریا هەڵگرتووە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## ڕوحت شاد و ماڵئاوا خاڵە برایمی خۆشەویست.




**مەولوود سوارە**

بەداخەوە ئەمڕۆ خۆشەویستێکی دیکە و دۆستێکی دێرین، پێشمەرگەیەکی ڕۆژانی سەختی خەبات و کۆڵنەدان ماڵئاوایی لێکردین.

هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (ئاگوستی ١٩٨٠ی زایینی) کە لەمەئموریەتێکی حیزبی لە هەوشار دەگەڕاینەوە (هێزی شەهید ئاوارە). کە گەیشتینە بۆکان بۆ ئەوەی پشوویەک بدەین، ئاگادار کراینەوە کە کاک ئیبراهیم قادری برینداره و ئێمەش بۆ سەردانی چووینە نەخۆشخانە و یەکەم جار لە نەخۆشخانەی بۆکان بە برینداریم بینی.

کاک ئیبراهیم قادری ماوەیەکی زۆر وەک بەشی تەداروکات لەنەخۆشخانەی شۆرش لە "دەشتێو" ئەرکی حیزبی بەجێ دەهێنا.

دێی "دەشتێو" نیزیک شاری قەڵادزێ بوو، کاتی خۆی لەلایەن رژێمی بەعس خاپوور کرابوو، وەک زۆربەی هەرەزۆری دێیەکانی کوردستان.

ئێمە کە لە ئالانی سەردەشت بەرەو گەرمێن هاتین لەو شوێنە گیرساینەو و بارگەو بنەمان لەوێ بەعەرزی داداو نەخۆشخانەمان دروست کرد. ئەو کات کە کاک برایم قادری کاری تەداروکاتی نەخۆشخانەی لەئەستۆ بوو، هەمووومان هەر بە خاڵە برایم بانگمان دەکرد، لای هەموومان خۆشەویست و بەڕێز بوو لە بۆنەو مەراسمەکانی حیزبیدا خاڵە برایم لەگەڵ مام تۆفیق هەمیشە بۆ جوانتر ڕازاندنەوەی بەرنامەکان بە گۆرانی و سرودی شۆرشگێڕی بەرنامەکانیان ڕازاوەتر و جوانتر دەکرد و خەڵکی قەڵادزێ و دەوروبەریش هەمیشە بۆ ئەو بۆنانە بەشداریان دەکرد.

خاڵە برایم زۆر جاران هەر بۆ دڵخۆشی نەخۆش و بریندارەکان لەگەڵ مامە توفیق گۆرانیان بۆ دەوتن و بەو دەنگە خۆشەی بریندارەکانیان خۆشحاڵ دەکرد و بزەیان دەخستنە سەر لێوانیان.

ڕوحت شاد خاڵە برایم لە لایەن خۆم و بنەماڵەمەوە سەرەخۆشی لە کاک ئەبوبەکر قادری کاکە ئەمیر و بنەماڵەی بەڕێزیان و هەموو دۆستان و ئاشنایان، هونەر دۆستانی کوردستان دەکەم. ڕوحت شاد و ماڵئاوا خاڵە برایمی خۆشەویست.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## کاک برایم جیا لە دەنگ خۆشی وگۆرانیەکانی کە ناو وناوبانگی تایبەتی هەبوو



**حەسەن خوشکەلام**

بەداخەوە هونەرمەندی میللی ودەنگخۆش وبە هەڵوێستی رۆژ هەڵاتی کوردستان کاک برایمی قادری بە هۆی نەخۆشی و بەساڵا چوون ماڵاوایی لە ژیان کرد. کاک برایم جیا لە دەنگ خۆشی وگۆرانیەکانی کە ناو وناوبانگی تایبەتی هەبوو لە ناو خەڵک دا، کەسایەتی تایبەت بە خۆی هەبوو کە ناوبراوی لای هەموو هۆگرانی گۆرانی وئاوازی کوردی خۆشەویست کردبوو.

خۆشەویستی گەورەی کاک برایم تێکۆشانی لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندابوو کە شانازی پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بۆ ماوەی چەندساڵان هەبوو بەرپرسایەتیشی لەسەر شان بوو وهەتا لە ژیان دابوو هەرکات لە میدیاکان دەرکەوتبا زۆر بە شانازی ونەترسانە باسی دەورانی پێشمەرگایەتی وبەرپرسایەتیەکانی دەکرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە گەورە وخۆشەویستەی خەڵکی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی لە کوڕ وکچ ونەوەکانی دەکەین وخۆمان بەشەریکی خەمیان دەزانین.

**هەزاران جار رووحی شاد.**

## عەباس غەزالی: کۆچی برایمی قادری و هەوارێکی دەوڵەمەند




مەنسوور جیهانی . "عەباس غەزالی" کەسایەتیی چالاکی فەرهەنگی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی گۆرانیبێژی هەرمانی کورد مامۆستا "ئیبراهیم قادری" جەختی کردەوە، چریکەی دەنگە شادیهێنەرەکەی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە، جێی پێزانینە.

عەباس غەزالی، کەسایەتی چالاکی فەرهەنگی و ئەندامی بەرچاو و ڕاوێژکاری فەرهەنگی و هونەری پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری پێشووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی گۆرانیبێژی "ئیبراهیم قادری" نووسیوییەتی: وێڕای سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەرێزی کاک برایمی قادری و خەڵکی هونەرپەروەری مەهاباد و موکریان؛ سەرەخۆشی لە هەموو کوردستان، بە تایبەتی هونەرمەندان و خەمخۆرانی زمان و مۆسیقای بەنرخی کوردیی دەکەین.

ئەوەشی خستووەتەڕوو کە "برایمی قادری بە تاقەسوار، خزمەتێکی هەرمان، بێوێنە و مەزنی بە زمانی کوردی و خەڵکی کوردستان کردووە. قافڵەیەک لە وشە و ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردی پاراست و گەیاندییە نەوەی تازە و بەداخەوە جێی هێشتین، بە تایبەتی لەو کاتە ناخۆشانەی کە تەمی خەم بە سەر وڵاتدا دەکشا".

عەباس غەزالی ئاماژەی بەمەش دا کە ئەو بە دەنگە خۆش و دڵڕفێنەکەی وشە ڕەسەنەکانی شادی و ورەی ڕژاندۆتەوە ناو ڕەگی کۆمەڵگە، بۆیە جگە لەوەی چریکەی دەنگە شادیهێنەرەکەی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە جێی پێزانینە، سەرکەوتنی ئەرکە مێژووییەکەشی زۆر جێی شانازییە و ڕۆحیان وەک دەنگیان شاد بێت.

سەرچاوە: وڵات تیڤی - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# دەنگی برایم قادری بۆ هاوتەمەنەکانی من



**هاشم رەزایی**

هونەرمەندی گەورە برایم قادری ماڵاوایی لە ژیان کرد و هەر لێرەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری بەتایبەت لەیلا قادری دەکەم.

لە ساڵەکانی ١٣٥٥وە دەنگ، گۆرانیی و شێعرەکانی هونەرمەندانی کورد وەک مامۆستایان تاهیر تەوفیق( گوڵی سەربەستی، شیرنبەهارە)، ساڵح دیلان، کەریم و قادرکابان، گۆران، پیرەمێرد، حەسەن زیرەک، برایم قادری، عەلی کردار و .. بۆ چالاکانی سیاسی و هاوتەمەنەکانی من زۆر خۆش و دڵنشین بوون و زۆربەمان شێعر و گۆرانییەکانمان لەبەر بوو و لەبەرخۆ دووپاتمان دەکردنەوە. ئێمە بەم شێعر و ئاهەنگانەوە گەورە بووین و خوومان پێ گرتبوو. لە دەشتودەر، لە قەراخ چۆم و قۆپییەکان، لە جێژنەکانی نەورۆز و سێزدەبەدەر بە ئاهەنگی شادی کوردی پۆلپۆل دەستمان دەکرد بە هەڵپەڕکێ. نەواری ئەم هونەرمەندانە لە ماڵ و ماشێنی زۆر کەسدا هەبوون و ئاوێتەی ژیانی ڕۆژانەمان ببوون.

مەرگی هەر کام لەم کەڵەهونەرمەندانە خەسارێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد.

یادی ئازیزیان بەخێر بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## مامۆستا ئیبراهیم قادری کۆچی دوایی کرد




### ماڵپەڕی فەرمیی ماملێ

بەداخەوە ئەمڕۆ سێشەممۆ ڕێکەوتی ١٩ - ١١ - ٢٠٢٤ هونەرمەند برایم قادری لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد. مامۆستا برایم قادری یەک لە هونەرمەندە ناودارەکانی بواری فۆلکلۆر دەناسرێ کە ساڵانێکی دوور درێژ لەو بوارەدا خزمەتی کرد و کۆمەڵێک بەرهەمی جوانی لەپاش بەجێ ماوە. شاییگێڕان و گۆرانی گوتن بۆ زەماوەند کە یەک لە کۆڵەکەکانی گۆرانی، فەرهەنگ، زمان و کولتوریی کوردییە، کەسانی وەک مامۆستا برایم قادری و دەیان و سەدان کەسی هونەرمەندی تر، پاشای ئەو بوارە بوون و ناویان بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بە بۆنەی ئەو کۆچە ناوادەیەوە، ئەوپەڕی داخ و کەسەری خۆمان دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان دەکەین. هیوادارین دوا کەسەریان بێت. ڕۆحیان شاد و یادیان بەخێر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمیی ماملێ - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## ئاتەش



**(بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند کاک برایمی قادری)**

**تاهیر قاسمی**

شایەر بە گشتی پیاوێکی پێچ قیتی، کەواوپاتۆڵ شەقی، پشتێند قەدی، کەوش بەرقی، سمێڵ ڕەشی، ڕدێن شەش تیخە کە دەسحێبێکی دەنک مامناوەندی نە زۆر درێژی لە دەست دایە و لە نێوەڕاستی گەڕی هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکدا ڕاوەستاوە، بەندان ڕێکدەخا، قامک لە بناگوێیان دەنێ و گۆرانییان دەڵێ. زۆر جار بە هەوای گۆرانییەکەی لەو سەری داوەتەوە بەرەو ئەوسەر لە هاتوچۆدایە و هەر کوڕێک تازە دۆی هاتبێتە دەستی، لێی نیزیک دەبێتەوە، بە بەندان پێیدا هەڵدەڵێ، دڵی خۆشتر دەکا و شاباشی لێ وەردەگرێ.

سەبارەت بە وشەی شایەر بۆچوونێک پێی وایە گۆڕدراوی وشەی شاعیرە و بیروڕای زاڵیش ئەوەیە لە تێکەڵاویی دوو وشەی "شایی گێڕ" پێکهاتووە. شایەران بە گشتی دەوری گرینگیان لە پەرەدان بە فەرهەنگ و هونەر و زمان و بەزم و خۆشیی خەڵکدا گێڕاوە. ئەوان لە زۆر بارەوە مۆدێل و سەرچڵی کۆمەڵگەکەی خۆیان بوون؛ لە شێوەی پۆشینی جلوبەرگ، لە

خوڵقاندن و بەکارهێنانی وشە و زمانی ڕەسەنی کوردی، لە پەرەدان بە ئاواز و گۆرانیی نەتەوەیی، لە باسکردن و بڵاوکردنەوەی شتە تازەکان، لە پاراستنی داب و نەریت و فەرهەنگ و لە ڕازاندنەوەی جێژن و خۆشیی خەڵک و زۆر بواری دیکەشدا بۆ خەڵک سەرتۆپ و نموونە بوون.

لە سەردەمێکدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و ئەوانە پەیدا نەببوون، شایەران مێدیای بەهێز و زیندووی کۆمەڵگەی خۆیان بوون. وتەیان دەبیسترا و قسەیان بڕەوی هەبوو. ئەو زەمانەی کە گواستنەوە و هاتوچۆ وەک ئەمڕۆ نەبوو، ئەوان بە هۆی گەڕانی زۆر بە شار و گوند و ناوچەکانی کوردستاندا، لە خەڵکی ئاسایی زۆر زیاتریان دەزانی، شارەزایی زیاتریان لەسەر شوێن و خەڵک و زاراوە جۆراوجۆرەکان هەبوو و پردێکی گرینگی پێوەندیی نێوان شار و ناوچەکانی کوردستان بوون. هەواڵی نیزیکیان بۆ دوور و ڕووداوەکانی دووریان بۆ نیزیک دەهێناوە. بەوەش بێگومان دەورێکی گرینگیان لە هاوپێوەندیی نەتەوەییدا گێڕاوە.

لە بەند و گۆرانییدا باسی ڕووداو و دیاردە و کەسایەتییە بەناوبانگەکانیان دەکرد و بە خەڵکیان دەناساندن. ناو و ناوبانگی کەسانی ئازا و بەتوانا و ناوبەدەرەوەیان بە هەموو شوێنناندا بڵاو دەکردەوە. ئەگەر ناوی کەسێکیان بە باش هێنابا و پێیاندا هەڵگوتبا، وێڕای دڵخۆشکردنی کەسەکە، دەبوو بە هۆی ناوبانگ دەرکردن و لە ڕاستیدا جۆرێک ڕێکلام و بانگەشە بۆ ئەو کەسە بوو. لەحاڵێکدا هیچ دامەزراوە و دەزگایەک لەپشت هونەر و هونەرمەندانەوە نەبوو، وەک چۆن بە داخەوە ئێستاش هەر نییە، ئەوان کە خۆیان بۆ هونەرەکەیان تەرخان کردبوو، ناچار بوون لە ڕێگای هونەرەکەشیانەوە بژین و وێڕای خزمەت بە خەڵک و بە هونەرەکەیان، نانێکیشی لێ پەیدا بکەن. بەم جۆرە دیاردەی پێداهەڵگوتن و شاباشدان و شاباشوەرگرتن پەیدا بوو.

موکریان لە دێرزەمانەوە ناوچەیەکی بە پیت و بەرەکەت بووە. زەویی هەراو و چەندان چۆم و ڕووباری گەورە و، کانی و ئاوی زۆر هۆکار بوون بۆ ئەوەی کشتوکاڵ لەو دەڤەرە زیاتر پەرە بستێنێ. بەتایبەت ڕەعەمەڵهێنانی گەنم هەر لە دێرزەمانەوە لەو هەرێمەدا ڕەمێنی زۆر بووە کە ئەوە هۆکارێکی گرینگی پەرەگرتنی جۆرێک شارستانییەتی مێژوویی لەو ناوچەیە بووە. تا ئاستێک کە باسی گەنمی ماننایی لە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە تەنانەت لە تەوراتیشدا هاتووە. ئەوانە وایان کردوە کە لەو ناوچەیە دێی قەوغا و کەسی دەستڕۆیشتوو پەیدا بن و خەڵکە ئاساییەکەش وەک دەڵێن دەستیان گەیشتۆتە دەمی خۆیان. بەو جۆرە خەڵک توانیویانە لە مەجلیساندا خزمەت بە هونەرمەندان بکەن و لە شایی و زەماوەندانددا شاباش بە شایەران بدەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینین ئەو ناوچەیە لە هونەری هەڵپەڕکێ، لە موزیکی فۆلکلۆر و لە گۆرانیی داوەت و شاییدا ناوچەیەکی یەکجار دەوڵەمەندە. هەر لە سەدەی بیستەمدا ناوی دەیان هونەرمەندی گەورە و دەنگخۆش لەو هەرێمە بەر گوێ دەکەوێ کە بە داخەوە زۆربەیان ئاسەواریان لێ نەماوە بەڵام هونەرمەندانی وەک



سەرچاوە
Serchawe

کاک برایمی قادری چۆڕاوەی ئەو هەموو هونەرمەندە مەزنانەن.

هونەرمەندانی شایی‌گێڕ بە گشتی پیاوان و ژنانی لەبز شیرین، قسەخۆش، بۆشناخ و بە دەستوور بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە ڕازێنەرەوەی مەجلیس و گەڕی داوەت و هەڵپەڕکێ بوون بەڵام لە خۆشی و ناخۆشی، لە شایی و شیندا هاودەم و لەگەڵ خەڵکەکەیان بوون. لە گۆرانی و بەندەکانیاندا زۆر جار بە گڕ دیاردە دزێوەکاندا دەچوونەوە. زۆر دیاردەی باو بەڵام زیانبار، یان بابەتی هەستیار ئەگەر باسکردنیان لە کۆمەڵگەدا تابۆش با، شایەران دەیانتوانی بە شێوەیەکی هونەرمەندانە لە چوارچێوەی بەند و گۆرانیی خۆیاندا تانەیان لێ بدەن یان باسیان بکەن و کەسیش یەخەیان نەگرێ و ڕەخنەیان لێ نەگرێ. ئەوان لەو ڕێگایەوە دەبوون بە دەنگی چەوساوەی خەڵک. بە دەنگی ئەوانەی دەنگیان بە گوێی کەس نەدەگەیی.

لەم نێوەدا دوو توێژ ملۆزم و دژبەری شایەران و بە گشتی هونەرمەندانی نەتەوەیی بوون؛ یەکەم مەلای دەمارگرژی ئایینی و دووهەم خوێندەواری مەیلەو ئاسیمیلەی دەست فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست. یەکەمیان هەموو نرخ و بەها نەتەوەییەکان بە تەرازووی ئایین هەڵدەسەنگێنێ و دووهەمیان بە کیلە و ڕبەی داگیرکەری دەپێوێ. ئەمانە هەوڵیان دەدا شایەران و هونەرمەندان لە کۆمەڵگەکەی خۆیاندا بێ‌نرخ و سووک بکەن، تانە و توانجیان لێ بدەن و خەڵک هان بدەن تا گاڵتەیان پێ بکەن. بەڵام شایەران کە لە ناخی کۆمەڵگەی خۆیانەوە هەڵدەقولان، لەگەڵ خەڵکی خۆیان بوون. تەنانەت لە کاتی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە نەتەوەییەکاندا، ئەوان لە کۆمەڵگەکەی خۆیان دانەدەبڕان. بە سەنگ و توانای خۆیان، بە جەستە یان لە ڕێی هونەرەکەیانەوە بەشدارییان لە شۆڕشدا دەکرد. هونەرمەندانی وەک عەلی خەندان، ڕەسووڵی نادری، برایمی قادری، عەینەدین مەریوانی و زۆر هونەرمەندی دیکە بەشێک لە دوا ئاڵقەی ئەو قافڵە دەوڵەمەندە بوون کە دەزانین لە سەرەتای بەرگریی خەڵکی کوردستان بە دژی جیهادی خومەینیدا، هونەرەکەیان نایە خزمەت ئەو خەبات و بەرخودانە نەتەوەییەوە. لەم نێوەدا کاک برایمی قادری ڕەنگە لە هەموویان زیاتری بەر کەوتبێ. ئەو بۆخۆی لە کوڕی خەباتدا بەشدار و پێشمەرگە بوو، قارەمانێکی شەڕی داشکستان بوو، لەشەڕدا برینی قورسی هەڵگرت، کوڕێکی شەهید بوو، کوڕێکی پێشمەرگە و یەکیشی ئەندامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات بوو کە دوای ئاشکرابوون پەڕێوەی دەرەوەی وڵات بوو. وێڕای ئەوە کاک برایم بە هونەرەکەشی ڕازێنەرەوەی ڕەزمی خەبات و کوڕی تێکۆشان بوو. لە نەخۆشخانەی حیزبدا ئێواران پێشمەرگە بریندار و کەم‌ئەندامەکانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە، گۆرانیی بۆ دەگوتن، شایی دەخستە نێو دڵیانەوە و لەو ڕێگایەوە ورەی پێ دەدان.

کاک برایم ساڵی ٢٠١٠ بۆ جاری دووهەم سەردانی دەرەوەی وڵاتی کرد و تەشریفی هاتە فەنلاندیش. من بەهۆی کوڕەکانی کاک میرۆ و کاک ئەمیر کە هاوڕێی حیزبیمانن، بەختی ئەوەم هەبوو لە نیزیکەوە بە خزمەتی بگەم و دیمانەیەکیشم بۆ



سەرچاوە Serchawe

کوردکاناڵ لەگەڵیدا ئامادە کرد کە هیوادارم لە ئەرشیڤدا مابێ. پیاوێکی ڕێکوپێک، بەڕێز و خۆشمەشرەف بوو. کە خۆم پێ ناساند و گوتم خەڵکی ئاوایی "پیروەلی باغ"م، تاوێک ڕاوەستا، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە حەسرەتەوە گوتی؛ "ڕەنگە شێست ساڵ لەوە پێش لەو پیروەلیباغەی تۆوە دەستم پێ کرد، حاجی محێدین ڕەفیقم بوو و بۆ شاییەکەی لێی گێڕابوومەوە و چووم." زۆر بە تەسەلی ئەو بیرەوەرییەی لەبیر مابوو و بۆی گێڕاینەوە. کاک برایم کە دوای ساڵانێک پێشمەرگایەتی و برینداری گەڕایەوە بۆ مەهاباد، وەک چۆن بە هەڵسوکەوت و هونەرەکەی لە پاراستنی فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەیدا بەردەوام بوو، بە هزر و فکریش هەروا وەفاداری حیزبەکەی و ڕێبازی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی مابۆوە. شانازی بە ڕۆژانی پێشمەرگایەتی خۆی و کوڕەکانیەوە دەکرد. دەیگوت؛ "گەورەترین ئیمتیازی ژیانم کە سەوادی خوێندن و نووسینە لە ژێر سێبەری گەورەی حیزبی دێموکراتدا دەستەبەرم کردوە و ئەوە گەورەترین شانازییە بۆ من". دەیگوت؛ "سەرەڕای ئەو هەموو ساڵە، هەمیشە دڵم لەوێیە و لەکاتی گۆرانی گوتنیشدا کە ئەو ڕۆژانەم وەبیر دێتەوە و دەڵێم "ئاتەش"، مەبەستم هەیە و دەشزانم خەڵک لە مەبەستم دەگەن".

**"ئاتەش"** وشەی باوی سەر زاری کاک برایم بوو لەو کاتەدا کە کۆڕی مۆسیقا گەرم دەبوو یان وەک وشەی هاندان بۆ گەرمکردن و ڕێکخستنی کۆڕی موزیک بەکاری دەبرد. ئەم ڕەمز وشەیە هاوکات باری ڕەزمیی بە بەزم دەدا و لە زەین و بیری بیسەردا بیرهێنەرەوەی هێرش و پەلاماری پێشمەرگە بۆ سەر هێزی داگیرکەر بوو. ئەوەش هەوڵێک بوو لەلایەن هونەرمەندەوە بۆ ئەوەی لەژێر زەبروزەنگی دەسەڵاتی داگیرکەریشدا بە هونەرەکەی خەبات و بەرخۆدان وەبیر گەلەکەی بێنێتەوە .

کاک برایمی قادری سەرەنجام ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٤ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی دواتر لەنێو ئاپۆرای بەرینی خەڵکی کوردستان، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هونەردۆستان، لەحاڵێکدا کوڕان و کچانی نیشتمان بە جامانە و جلوبەرگی نەتەوەییەوە هاتبوون تا بەرەو مەنزڵگەی تاهەتایی بەڕێی بکەن، لە گۆڕستانی هونەرمەندانی شاری مەهاباد بەخاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

یاد و ناو و تێکۆشانی فەرهەنگی و سیاسیی کاک برایمی قادری بە دڵنیاییەوە بۆ هەتاهەتایە لە هزر و یادی گەلەکەیدا بە گەورەیی و نەمری دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی سەرماوەزی ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٤ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی  وتار و نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

